هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

ژمارە: ٨
ڕۆژ: ٢٣ / ٤ /٢٠٢٠

No:
Date:

# بڕیاری ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٢٠

ئامـاژە بـە مـاددەی (١٠) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ئەنجومـەنی پارێزگـای سـلێمانی لەبـەرواری (٢٣ / ٤ /٢٠٢٠) لەکۆبوونـەوەی نـا ئاسـایی ( ٥٨ ) پـەنجا وهەشـتەمینی خۆیـدا لـە هـۆڵی کۆبوونـەوەکانی پارێزگـای سـلێمانی بەسەرپەرشـتی بـەڕێز سـەرۆکی ئەنجومـەن و ئامـادەبوونی دەسـتەی سـەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (٢٤) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن.

<u>بڕیارماندا بە:</u>

- لەسەرەتای مانگی شوباتی (٢٠٢٠) ەوە بەهۆی بڵاوبونەوەی مەترسیەکانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە زۆربەی ناوەندەکانی بازرگانی و بازاڕ و کارو کەسابەتی هاوڵاتیان ڕاگیرا، لەم چوارچێوەیەدا دەروازەکانی (سەیران بەن/ کێلێ/ پشتە/ شوشمێ لە تەوێڵە) بەڕووی بازرگانی و هاتوچۆدا داخران بەڵام جێگەی خۆشحاڵیە کە دەروازەکانی (باشماخ و پەرویز خان) کە جوڵەی بازرگانی تێیدا بەردەوام بووە هیچ هەڵگرێکی ڤایرۆسی کۆرۆنا تێیدا تۆمار نەکراوە، لەبەرئەوە بڕیارماندا بە:

١. داواکـاری و پێشـنیارمان ئاڕاسـتەی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان بەکردنـەوەی دەروازەکـانی (سـەیـران بـەن/ کێلـێ/ پشتە/شوشـمێ) لـە پارێزگاکـانی سلێمانی و هەڵەبجـە و ئیـدارەی ڕاپـەڕین بۆ بەرژەوەندی گشتی بە ڕەچاوکردنی خۆپارێزی و ڕینمایی تەندروستی و ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری.
٢.لەم کاتەدا دەبێتە سەرچاوەیەکی زۆر باشی داهات بۆ هەرێمی کوردستان و وەکەم کردنەوەی قەرەباڵغی لە دەروازەکانی تر.
٣.بەدەنگی (٢٠) ئەندام پەسەندکرا.
٤.ئەم بڕیارە لەسلێمانی نووسرا.

ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
٢٦ / ٤ /٢٠٢٠

kazhal

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان